## داگیرکەری تورک نگەرانە ئەحمەد دەشتی

هەمیشە دوژمنانی کورد تەنگە دەگرن بە هەموو شتێکەوە کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی کوردستان دابێت و بە سودی گەلی کورد بێت و بۆنێکی لایەنگیری لە کورد و کوردستانەوە تیا دا بێت ، لەدوای ئەو هەموو هەول و تەقەلایانەی کە دوژمنانی کوردستان دژ بە ئەو هەلە پیرۆزەی کورد هەر لەم دوا دواییانەی کە داویانە و ئێستاش هەر وا خەریکن و بە هیچ شێوەیەک نایانەوێ کە گەلی کورد لە ناو ماڵ و حاڵی خۆی دا ئازاد و ڕەها و دوورە گیرو گرفت و نەهامەتی و کارەساتەکان بێت و هەمیشە لە ڕێگەی نۆکەران و بەکرێگیراوەکانی خۆیانەوە دڵی خۆیان شاد کردووە بەو خەیاڵەوە کە دەتوانن هەروەک ڕابووردو کاریگەریەتی خۆیان لە سەر دواکەوتن و ماڵ وێرانی کوردو خاپور کردنی کوردستان هەبێت و کارەسات و ڕوداوی تاڵ و ناخۆش بە سەر گەلی کورد بە پیلان و هەولی نامرۆڤانەیان بسەپێننەوە،بە تایبەتی داگیرکەری تورک هەمیشە لەسەنگەر دایەو هەتا بڵێی نگەران و چاوی تەماعیان بڕیوەتە خاکی کوردستان و بە تایبەتی بۆ شارەکەی دلی کوردستان کە هەمیشە بە بوختان و درۆ و دەلەسەکانیان لە ڕێگەی نۆکەرانیانەوە هەولی نا ئارامی و دووڕخستنەوەی ئەم شارەی کە هەرگیز لە کوردستان جیا نابێتەوە داویانە و دەیدەن و بە ناوی تورکمان و بەرگری لەو تورکمانانەوە وێیستویانەو دەیانەوێت کە چنگیان لە شاری کەرکوکی دڵی کوردستانەوە گیر بکەن و لە ئاوی شێلو دا مەلە دەکەن و نگەرانی خۆیان بەرامبەر هەموو سەرکەوتنێکی کورد نیشان دەدەن،هەر لەو ساتەوەش کە وەلاتە یەکگرتوەکان لە بەیانێکیان دا بە ناوی وەزارەتی دەرەوەیان پشتیوانی خۆیان لە کوردو چەسپاندنی مادەی 58 ڕاگەیاندەوە،کە ئەم مادەیە ئەنجامەکەی گەڕانەوەی هەموو دەر کراوەکانی کوردو تورکمان

و هەموو ئەوانەی کە بەزۆری زۆرداری لە شوێنی باوک و باپیرانی خۆیان لە ناو شاری کەرکوکی دڵی کوردستان و ناوچەی پارێزگای کەرکوکەوە لە ڕۆژگارانی سەدام بە نیازی بە عەرەباوی کردنی شاری کەرکوکەوە دەر کراون و بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان و عارەبە بەزۆر ئاوردەکانیش کە لە سەر ماڵ و حاڵی کورد و بەهۆی ڕژێمی فاشی سەدامیانەوە هێندراون بۆ کەرکوک و هەرچی زەوی و زاری جوتیاران و ماڵی کوردە داگیریان کردووە و بە زۆری زۆر داری تەعریب کراوە و لە پێناوی نەهێشتن و جینۆ سائید کردنی گەلی کورد و سڕانەوەی کەرکوک لە سەر خاکی کوردستان دا ئەنجام دراوە ، کە لە بڵاو کراوەکەی دەولەتی ئەمەریکا بەڕاشکاوی پشتیوانی خۆیان لە شاری کەرکوک دەر دەبڕیوەو کە دەبێ وەکی خۆی لێ بێتەوەو هەموو چارە سەریەکان بە پێی مادەی 58 بە زووترین کات جێ بکرێت و وا بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاو دەهاویژرێت و گەلی کورد هەرگیز موساوەمە لە سە شاری کەرکوکی دڵی کوردستانەوە ناکات،ئەوبەیانەی ئەمەریکا وەک ئاگادار کردنەوەیەکە بۆ داگیرکەرانی کوردستان کە هەمیشە نیازی گڵاوی خۆیان دژ بە گەلی کورد دەر بڕیوەو هەڕەشە لە گەلی کورد دەکەن بە تایبەتی داگیرکەری تورک ، ئەمڕۆ لە سایەی گۆڕانکاریەکان و ڕووداوەکانی ئەم دواییەو ئەو بڕیارەی ئەمەریکا کە هیچ کەسێ مافی ئەوەی نیە کە دەست لە کارو باری کەرکوک بە ویستی خۆی وەر بدات و هەرچی بیەوێ ئەنجامی بدات ، چارەسەریەکانی کەرکوک کارێکە بۆ خودی خەلکی ئەو وەڵاتە دەگەڕێتەوە،سا ئەمە شتێکی گالتە نیە کە دەور و بەران بەتایبەتی داگیرکەری تورک بۆی بلوێت کە دەست بخاتە ناو کارو باری عێراقەوە و بە نیازی خۆی تاوتۆی کێشەکان بکات و تورکمانەکانی بەکرێگیراو و نوکەران و خەراپکاران تیختیخە بدات و بە گیانی کوردو کوردستانیانەوە

بنێت ، هەربۆیەشە ئەو هەموو نگەرانی و پێ ناخۆش بونیان لە بارەی ئەمڕۆی شاری کەرکوکەوە دەر دەبڕن و بە تایبەتی نگەرانن لەوەی کە ئەمڕۆ بڕیار دراوە کە ئاوارەکانی کورد بەشداری لە هەلبژاردنی مەجلسی پارێزگای کەرکوک بکەن و وەزعی کەرکوک کە خەریکە بەرەو باشی دەڕوات و قەوارەی کورد وەک خۆی واتە وەک جارانی لێ دێتەوە و لەو شارەدا بۆ هەموان دەردەکەوێت کە ڕێژەی کورد چەندە لە پارێزگای کەرکوک دا.کە ئەمەش هەنگاوێکی تا بڵێی دڵناخۆشکەرەیە بۆ دەولەتی تورک و داگیرکەران کە ناتوانن نیازە خراپەکانیان بەرامبەر بە کوردو کوردستان بە تایبەتی بەرامبەر شـــــاری کەرکوکەوە کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردە دابین،ئەمڕۆ وا خەریکەکەن بەشێوەیەکی دوور لە دەستی ناحەزان دا کارەکان جێگەی خۆیان دەگرن و ئەمەش ڕاستیەکە دەبێ هەر وابێت و ئەمڕۆش چارەسەری کێشەکان بە ڕاستی نەکرێتن دەبێ سبەینی ڕاستیەکان هەر سەر بکەون و کەرکوکی دڵێ کوردستان و هەموو ناوچە داگیر و بە عەرەب کراوەکان بگەڕێنەوە سەر خاکی کوردستان و بە کویرایی چاوی دوژمانی داگیرکەر و هەموو نەیارانی کورد دەبێ هەموو ئاوارەکان بچنەوە سەر خاک و ماڵ و زێدی باوک و باپیرانیان ، بە ئارامی و گەرانەوەی کەرک بۆ دۆخی جارانی خۆی و دان نان بە کەرکوکی دڵی کوردستانەوە هەموو ئارامی و ئاســــایشەکان بۆ هەمیشە لە کوردستان و عێراق دابین دەبێت و دەولەتی تورکیش هیچی بۆ ناچێتە سەر. 25.1.2005